کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 3:02 17-8-2007

## سەدەیەک بۆ ژنکوژی و هەفتەیەکیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی! ... بەشدار علی

Bashdar_net@yahoo. com

ئەم هەفتەیە تۆڕی دوعا بۆ بەرگرتن بە توندو تیژی دژ بە ژنان و چەند ڕێکخراوێکی تری کۆمەڵگای مەدەنی هەفتەیەکیان هەڵویست وەرگرت دژی ئەو شەپۆڵە توندوتیژییەی کە بەرامبەرژنان ئافرەتانی ئەو وەڵاتە دەکرێت و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان کردە مینیەری زیاتر شەرمەزاری و ڕیسوایی عەقلیەتی دۆگمایی ژن کوژان و هۆکارەکانی و پشتەوەی زیاتر تەشەنەکردنی ئەم دیاردەیە.



ئەوەی پێویست لێرەدا ئاماژەی پێبکەین ژن کوشتن و کۆتایهێنان بە ژیانی کەسە نزیکەکانی ئینسان، لە ئەنجامی پرۆسەیەکی درێژەوە هاتووە کە مرۆڤەکان ناچار دەکات دەستیان بچێتە گیانی نزیکترین و خۆشەویسترین کەسیان کە خوشك و هاوسەر و دایکیتیان، بە مانایەکی تر ئەو قەتڵگایەی ژنان کە ئەمرۆ بەرێخراوە لە ئەنجامی زاڵکردنی فەرهەنگێکی دارزیوە لە نێو هزر و بیرکردنەوەی تاکەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، لەئەنجامی کارپێکردنی یاساو دەستورێکی دواکەووتوە کە دەستی بکوژان ئاوەڵا دەکات، بەهۆی بوونی ئەو وەزعیەتە وبوونی دەسەڵاتێکی ئاوا لەکوردستان و عێراق نزیکەی یەك سەدەیە ئەو گۆڕەپانە قەسابخانەیەك بووە بۆ ژنان و ئافرەتان و زیندەبەچاڵکردنی خەون و هیواکانیان.

ڕژێمی گۆر بەگۆری بەعس سەرەکیترین پایەکانی حوکمرانی لەسەر کوشتن و ئازاردان و زیندانی کردن و یەخسیرکردنی تاکەکان ڕاگیر کردبوو، لەم نێوەندەشدا ژنان و ئافرەتان بەشی شێریان بەرکەوت و لەژێر ناوی جۆراو جۆردا زۆرترین ژمارەیان بی گیان کران، بەکۆمەڵ سەریان لەلەشیان جیا دەکرایەوە لەژێر بەهانەی لەشفرۆشیدا کەچی هەر خۆشیان بەهەزار و یەك شێوە لەهەڵدابوون بۆ ناچارکردنی ئافرەتان تا دەست بۆ لەشفرۆشی بەرن، دارزیوترین دەستور و یاسایان بەسەردا فەرز کردن و وەکو مرۆڤە پلە دوو و پلە سی لە کۆمەڵگا چاویان لێکراوە، سەرەتاترین ئازادییە تاکە کەسیەکانیان لەژێر پرسیاردا بووە، بەهۆی ملهوڕی و شەرانگێزی و بەرژەوەندی عەقلیەتی حیزبی و بەعس و دەسەڵاتەکەی بەهۆی شەڕە یەك لەدوایی یەکەکانەوە بە هەزارەها ئافرەت پیاوەکانیان بەزۆر ناردنە بەرەکانی جەنگ و ئیتر نەگەرانەوە و ئافرەتەکانیان ماڵوێران و سەرگەردان کران.

دوایی ئەوەی کە ئەو ڕژێمە دژە ئینسانیە لە کوردستاندا گۆری گوم کرد، نەك ئەو دیاردانە بەرۆکی ژنان و ئافرەتانی بەرنەدا، بەڵکو بەپێچەوانەوە بوو بو تەوقێك و هەزارەهای تر بوونە قوربانی.

هەمان عەقڵیەت کۆمەڵگای بەرێوەبرد و بە هەزارەها کچ و کوڕ تەنها لەسەر دوو ووشە و نامە گۆرینەوەیەك و نیگایەکی پر گلەیی و تەلەفۆنێك، دەرفەتیان نەدان چیتر هەناسە بدەن، هەمان یاساکانی سەردەمی ڕژێمی بەعس بوو بە نسیبی خەڵك و کوشتنی ژنان (بەخەباتێك) بۆ سەندنەوەی شەرەف حیساب کراوە و لایەن و دەزگایەك نەبووە پێشیان بڵێ لە پشت چاوتان جوتێك برۆ هەیە!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئیتر ئەو پرۆسە دژە ژنە بەردەوام بوو تاکو ئیستای هێنا کە ژنکوشتن ببێتە دیاردە و رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکان نەتوانن فریای بڵاوکردنەوەی هەواڵەکەی بکەون چونکە رۆژێك نیە دەیان رووداوی کوشتن و ئازاردان و زیندانی و لێدان لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان روو نەدات.

هەفتەیەك هەڵویست دژی توندوتیژی دژ بە ژنان، پەیامێکی ئینسانی و ئومێکی گەورەیە کە رۆژێك دادێت لەم کۆمەڵگایەش رێز و کەرامەتی ئینسانەکان لە بارەگای کۆمەڵدا دەپارێزرێت و بی مافی و نایەکسانی و توند وتیژی باسێکی نابێت، ئەم هەفتەیە زەنگێکی دیکەیە بۆ دەسەڵاتداران کە پێویستە بە خۆیاندا بچنەوە کە ئەو وەزعیەتە لەلایەن خەڵکەوە جێگای قبوڵ نیە و پێویستە رێو شوێنی توند بگرنە بەر بۆ هەرچی زووتر کەمکردنەوەی ئەو دیاردە قێزەوەنە لەرێگای گۆرینی سەراپای ئەو یاسا دژە ئینسانسانەی کە ئیستا لە کوردستاندا کاری پێدەکرێت بە یاسا و دەستورێکی مەدەنی و پێشکەوتوو کە لەگەڵ عەقڵ و بیرکردنەوە مرۆڤی ئەو سەردەمە بگونجێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.